www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 17:28 17-2-2007

## لە هەڵەبجەوە هاتووم ... مریوان علی تۆفیق

وا نەزانن گۆزە كەرم هەتا ئەژنۆم لە قور ناوە
تاكی چەپی پێلاوەكەم لە دەریایی قورا جێ ماوە
وا نەزانن باوك مردووم كۆر گێرێكی كۆچی ئەوم
یان شێتێكی ئەو وێرانەیەم لەناو قورا پاڵ ئەكەوم
وا نەزانن رقی ئاسمان هەوری قوری دارشتوە
وا نەزانن لە جیاتی ئاو دەست نوێژم بە قور شتوە
وانەزانن اسماعیلم بیرم بە قاج هەڵكەندوە
نەخێر خانوی قوریشت بەسەرما قەت هەرەسی نەسەندوە
نا نا هیچ كام لەوانە نیم بەلام لە هەڵەبجەوە هاتووم
بەم دیمەنەم پێ مەكەنن لەگەڵ ئەم كەشە راهاتووم
لەوی حكومەت بەم زستانە جادەكانی هەڵدریوە
بە جەقۆكەی ئاوەدانی شۆستەكانی سەر بریوە
بی جیاوازی گەورەو بچوك نەفام و ژیرحەكیم و گێل
هەموو تاكێك لەو شارە بۆ حكومەت بۆتە قور شێل



ئەمە قسەی گەنجێكی شاری هەڵەبجەیە دەقاو دەق توانیویەتی بەو چەند كۆپلەیە گوزارشت لە شارەكەی بكات. ماوەیەك پیش ئێستا راپۆرتێكم بۆرۆژنامەی خەبات نوسی لەبارەی ئاوەدانی هەڵەبجەوە. كاتی بۆ ئەو مەبەستە لەگەل هەندی كەس كەوتمە گفتوگۆ كردن بێزاری خەڵكیم بەدی دەكرد. من دەمویست راپۆرتەكەم روویەكی ایجابی بگێرێت لە رووی ئاوەدانیەوە بەلام نەدەكرا.
راستە كۆمەلێك پرۆژە لەو شارە كەوتونەتە بواری جیبەجی كردنەوە بەڵام لە كاتێكی زۆر خراپ كە كات زستانە. لەو شارە جگە لە یەك شەقام كە ئەویش بۆ گەرەكی مامۆستایان دەچێ قیری تیانابینی. شارێكی گەورە وەك هەڵەبجە جادەی سەرەكی نی یە كە شیاوی ئەوەبی ئوتۆمبیل بە ئاسانی هاتوچۆی تیا بكات. راستە هەڵكەندنیان بەمەبەستی چاك كردنە بەڵام هەلكەندن بەیەكجارو لە هەكوو شوێنی خەڵك هەراسان دەكات زۆر خایاندن بۆ چاككردنەوەی ئیتر بە هەر مانایەك بێت چ دواكەوتنی پارە یان بەجێ هێشتنی كۆمپانیا یان بە هۆی بارن بارینەوە بێت دیسان خەڵك هەراسان دەكات. هەڵكەندنی گەرەك بەمەبەستی راكیشانی كابلی تەلەفۆن یان دروست كردنی زێراب یان هێنانی ئاوە و زۆر خایاندنی كاتەكەو لی نەپرسینەوە لە جی بەجی نەكردنی ئەو پرۆژەیە جگە لە خۆمان ماڵ و منداڵیشمان هەراسان دەكات. زۆربەی زۆری گەرەكەكانی ئەم شارە گیرۆدەی ئەو كێشەیەن ئاواتە خوازن ئەو كارەیان بۆ نەكرایەو هەر وەك خۆی بوایە باشتر بوو.
بەرای من كاتێك هەر كەسێك كاری دەكا دوای ماوەیەك لە ئەنجامی ئەو كارەی گازندەی لی بەرز دەبێتەوە دەبێت بگەری بەدوای چارەسەریداو بەزووترین كات چارەسەری بكات. بەڵام حكومەتەكەی من لە هەڵەبجە ئەم گازندانە نابیستی تەنها دەڵی من ئاوەدانی دەكەم و ئەم پرۆژانە جی بەجی دەكەم ئیتر لە چۆنیەتی جی بەجی كردنی لی پرسینەوەی نی یە. بۆ نمونە بریاری دروست كردنی شەقامێكی 30 مەتری لە سەروی یاریگا شرۆڵەكەی هەڵەبجەوە دەرچو ئەو شەقامە پەیمانگای مامۆستایانی هەڵەبجەو گەرەكی شارەوانی و ناوبازاروگەرەكی شەهیدان بەیەكەوە دەبەستێتەوە. بە دوو رۆژ بە شۆفلێك و رۆڵەیەك و هەندی قلاب كۆتاییان بە كارەكە هێنا دوای تەواو بونی كارەكە كەسێك نەهات

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بزانێت جادەکە 30 مەترە یان 8 مترە خۆلە یان چەو ڕێژەیان قیرە و ئەو پرۆژەیە کۆتایی هات و حکومەتەکەی هەڵەبجە نەی وت کارێکی وا گەورە چۆن بە دووڕۆژ کۆتایی پی دێت.

لە لایەکی ترەوە لە هەموو دونیا وایە کاری حکومەت خزمەت کردنە بە هاووڵاتیانی ڕەنگە لە کوردوستانیش حکومەتی هەرێم کەم تا زۆرێك لەجی بەجی کردنی ئەم ئەرکە بەرەو پێشەوە هەنگاوی نابێت. بەڵام لە هەڵەبجەزۆر بەلاوازی و کەمی ئەمە بەرچاو دەکەوێت. بۆ نمونە.

من خۆم یەکێکم لە دانیشتوانی ئەم شارە. ئەوەی ئاوی حکومەت بی نیمە بیرێکی ئاوم بۆ خۆم لی داوە ئەوەی زێرابی حکومەت بی نیمە چاڵێکم بۆ خۆم وەك زێراب دروست کردوە. کارەبای حکومەت بوە نەم دیوە مۆلیدەی خۆمم بەکار هێناوە کاتی کارەباشم بۆ هاتوە خۆم چاڵی عەموودو دانانی عەموودو پارەی تەلی کارەباشم داوە. جادەش بوە من نەم بوە تا هاتومەتە سەر شەقام عەلاگەم لە قاچ کردوە. ئەرزی تاپۆم کریوە تاپۆم نەدیوە خانووم کردۆتەوە عەقارم نەدیوە شیش و چیمەنتوی حکومەتم وەرنەگرتوە زستانی ساردە هەڵەبجەم بەری کرد بە کرینی دەبە نەوت بەرمیلە نەوتی حکومەتم وەرنەگرتوە. جگە لەدەبە بەنزینی سەرجادە بەنزینی حکومەتم نەدیوە.

خەلکی هەرێمەکەم. خەڵکی هەڵەبجە ناحەقی نی یە هەراسانە. خەڵکی هەژار لەم شارە زۆرە خەڵکی جەرگ سوتاو ماڵ رووخاو ماڵ کاول وەك گەڵای دارە.

گەنجانی ئەم شارە زۆربەیان دۆستی وەرزش یاریگایەکیان نی یە کاتی تیا بەسەر بەرن

هەندێکیشیان ڕۆشنبیرن کتێبخانەیەکی وایان نی یە پەرە بە ڕۆشنبیری خۆیان بدەن

هەندێکیشیان موسڵمانن مزگەوتیان لی قەدەغە کراوە تا ئیتاعەت و نوێژی خۆیانیانی تیا بکەن نەبادا سەر بە جنداسلام وقاعیدەی تیرۆریست بن. خەلکی هەڵەبجەکەم کەم و کوریان زۆرە ئەگەر بێت و بە ڕێپێوان و نارەزایی دەربرین داوای بکەن ئەوا بە دەستی بێگانە تاوانباریان دەکەن. خەڵکی هەڵەبجە خەڵکێکی شۆرشگێرە. ئەم حکومەتە بە بەرهەمی خوێنی 5000 شەهیدەکەی دەزانی و دەیپارێزی. لەگەڵ ئەوەش نابی حکومەتی هەرێم پشتگوێیان بخات. ڕاستە هەندی پرۆژە جی بەجی دەکرێتجێگای دەست خۆشیە لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەم شارە ئەوە بەس نی یەو خەڵکی ئەم شارە چاوەری ی زیاترو بە پەلە ترە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.